سوێند بە ئەوەی نەفسی منی بەدەستە، نزیکە دابەزینی کوڕی مەریەم لە نێوانتان فەرمانڕەوایەکی دادپەروەر، خاچ دەشکێنێت

لە ئەبی هوڕەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «سوێند بە ئەوەی نەفسی منی بەدەستە، نزیکە دابەزینی کوڕی مەریەم لە نێوانتان فەرمانڕەوایەکی دادپەروەر، خاچ دەشکێنێت، وبەراز دەکوژێت، وسەرانە -جزیە- هەڵدەگرێت -نامێنێت-، وپارە وسامان زۆر دەبێت هەتاوەکو کەس پێویستی پێی نابێت».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- سوێند دەخوات لەسەر ئەوەی دابەزینی عیسای کوڕی مەریەم -عليهما السلام- نزیکە، و بەدادپەروەری حوکم دەکات لەنێو خەڵکی بە شەریعەتی موحەمەدی، ئەو خاچە دەشکێنێت کە گاوڕەکان بەمەزنی دادەنێن، وعیسا -عليه السلام- بەراز دەکوژێت، وسەرانە -جزیە- هەڵدەگرێت -نامێنێت-، وهانی خەڵکی دەدات بۆ مسوڵمان بوون وهاتنە نێو ئاینی ئیسلامەوە. وپارە وسامان زۆر دەبێت هەتاوەکو کەس وەری ناگرێت ؛ چونکە هێندە زۆرە خەڵك پێویستی پێی نیە وبەشی خۆیان هەیە، وبەرەکەت وخێری زۆر دادەبەزێتە نێو هەموو سامانەکان.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/65025